# چەند ساتێکی نیگەرانیی ئەنووسمەوە

بەرزان هەستیار
ئەڵمانیا/کۆڵن
bhastiar@yahoo.de

2006/12/5 :
**کە لەگەڵ عیشقا.....**
**بە کەنارە نارنجییەکانا ئەکەومە پیاسە**
**من هەمیشە ئەکەومە ناوەڕاستەوە**

2006/12/8 :
**بەیانی ، جەژنی لە دایك بوونمە ،**
**وەرن با شتەکان ئامادە کەین ،**
**دەی ، لە ئێستاوە خۆتان سەرقاڵ کەن**
**قاتە تازەکەم بۆ دانێن ،**
**" شنە " ،**
**بەیانی ، تۆ بۆینباخەکەم بۆ ببەستە ، خۆم نایزانم ؛**
**" زەنوێر " ،**
**ساختەچی ، ئەوە دیارییەکەت لێ شاردوومەتەوە ؟**
**ئای ، سبەینێ ....**
**ئەبێ چ فەوزایەکی خۆش بێت لەم ناوە !!!!!**

2006/12/9 :
**مۆمەکان دامەگیرسێنن ،**
**سبەینێ ، چارەکە سەدەیەکە ،**
**" عەلی نەجار " ی باوکم**
**نە ، چەکووشی داوە لە بزمار و**
**نە ، دارێکی داهێناوە ،**
**سبەی مۆمەکان ئەبەینە لای ئەو و**
**کێکەکەی لەگەڵدا ئەخۆین**

2006/12/11 :

ئاڵۆزترین گرێ و
سەختترین پرسیار و
شاراوەترین نهێنییم ؛
لووتتان لە بەردی ئەلحەد مەدەن
کەس ، هەموو " من " ی بۆ نادۆزرێتەوە

: 2006/12/14
لەسەر نەرمە بەردی ....
میهرەبانییەکەی "سالم " ڕائەکشێم ،
سێبەری گەڵای دڵە مەلوولەکەی .....
ئەدەم بە خۆمدا و
"هەتا مردن ئەچێنم تۆوی هەر خارێ لە دڵ ، شایەد
کە بێیت بۆ سەر مەزارم ، دامەنت بگرم ئەگەر مردم "

: 2006/12/18
پاش ئەم هەموو ساڵ تەمەنە
ترسم نییە ،
تازە ، سەمای تەنیاییم بیر ناچێتەوە
هەر کە نیگەرانیی دایڕژاندم
دەستەکانم بەرز ئەکەمەوە و
سپی .. سپی ئەبن بە بەفری سەما ؛
ڕەش .. ڕەش دائەگەڕێن ،...
کە هەرێزی تەنیایی هەڵئەپڕووکێت !
******
ئەوەندەی تنۆکی بارانێکم ماوەتەوە.....
بە دەست وێڵ بوونەوە ،
هێندەی زەمین بەرین بووم .....
بۆ حەسرەت !
******
مەستیی ، باسکم بگرە و
کوێت پێ خۆشە ، لەوێ دامنێ ،
کوێم پێ باشە ،

**تۆ گوێ بە قسەی من مەدە**

******

– ............ ؟

+ ....................

+ ...................... ؟

_ ......

_ ................ ؟

+.................

_ **هەمیشە تۆ ڕاست ئەکەیت !**

******

**تووکی سەرم لە تاوانێکدا سپی ئەبێت ،**
**تاوانی گەورەی دڵسافیی !!**

: 2006/12/19

**لێم بزر بوو ،**
**ڕەنگە نەیدۆزمەوە ،**
**دوور نییە سێبەرەکەشم بێت ،**
**یان وەك خاڵخاڵۆکەیەك ....**
**بە یەخەی کراسەکەیەوە جێمابم و**
**بۆشی بگەڕێم !**

: 2006/12/21

**نوکتە بۆ خۆم ئەکەم و**
**لە پڕمەی گریان ئەدەم ،**
**کەی من و نوکتەیان وتوە !**
**لە پرسەیەکدا دائەنیشم و**
**ئەدەمە قاقای پێکەنین ،**
**بڵێیت مەرگی کەس بتوانێت ....**
**لەوە مەلوولترم بکات!!؟**